# دوو مووچە و ئیدانەیەك و قەنارەی هەنگوین

## سالار بابەشێخ

هەر لە سەرتای سەرهەڵدانیەوە کە مووچەی رێزلێنان بۆ نووسەر و رۆژنامەنووس و وەرزشوان دیاری کرا، وەر گرتنی ئەو پارەیە گۆنگڵی ساز کرد، وای لێهات تەنانەت فیتەر و قەسابەکانیش خۆیان خزاندە نێو ریزی وەرگرانی مووچەی رێزلێنان. ئیتر قسەوقسەڵۆك و ناڕەزایەتی و ناشوکری وەرگرانی پارەکەش با بوەستێ کە نەك بە دوو مووچە، بەڵکو بە شەش و بێشەکەشی رازی نەدەبوون و هەوڵدانەکانیان بۆ وەرگرتنی مووچەی بن دیواریش شتێکی بەر چاو و نەشاراوە بوو، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خۆیان بە مەغدوور دەزانی و دوای وەرگرتنی سێ چوار پارچەی عەردی نایابیش بەردەوام زەمی حکومەتیان دەکرد.

ئەز پێموایە ئەوەی بۆ شان و شکۆی خۆی شتێکی کردووە نابێت چاوەڕوانی ئەوە بێ کە لە سەر داهاتی گشتی قەرەبووی رابردووی بکرێتەوە. وەر گرتنی ئەو مووچەیە بە رای زۆر کەس وەرگرەکەی تووشی عەیبەیەکی شاراوە دەکرد، بەلاّم زۆر کەسیش گوێی نەدایێ و رەنگی پارەکەیان لە لا زۆر رەنگینتر بوو لەوەی کە رێز لە عارەقەی نێو چاوانیان و پێشینەی سەروەرییەکانی کەسایەتی خۆیان بگرن! هەندێك کەسی بەدەگمەنیش لە رووی ناچارییەوە، مانگانەی خۆیان وەر دەگرت و سێ چوار ئەوەندەشیان لەسەر دادەنا و دەیانکردە باخەڵی خاوەن خانووەکەیانەوە.

ئەگەر چی دەستنیشانکردنی مووچەی رێزلێنان لە ولاّتێکدا کە خەڵکی پێ پەتی و گەدە بەتاڵ و برسیشی تێدا بێ، خۆی لە خۆیدا جێگەی رەخنەیە و هەر لە دەستپێکیدا نیشانەی جیاکردنەوەو فەزیلەت پێبەخشینی خەڵکێکە بەسەر جەماوەری زۆرینەی کۆمەڵگەدا، کە ئەمەش تەبعیز و نابەرابەری دروست دەکات و ناڕەزایەتی لێدەکەوێتەوە، بەلاّم لە بڕینی مووچەکەشدا دووبارەبوونەوەی ناعەداڵەتی دەبیندرێ.. چونکە لە توێکڵی ئەم بڕیارەدا بە جۆرێك ئەگەری دڵسۆزی و دادی کۆمەلاّیەتی دروست دەبێ کە لەوانەیە ئەو پارەیەی دەگەڕێتەوە خەزێنەی دەوڵەت بۆ خەڵکی برسی و نیازمەند خەرج بکرێ، بەلاّم لە کاکڵی بڕیارەکەدا ناعەدالەتییەکی زەق دەردەکەوێت، چونکە کاربەدەست و بەرپرسێکی حزبی و حکوومی کە مووچەیەکی خەیاڵی هەیە و لە چەند شوێنی دیکەشەوە دەعم دەکرێ وەك کرێچییەکی هەڕگ بەسەر کە مووچەی رێزلێنانی خۆی و هاوسەرەکەشی چارەکێك لە نرخی کرێی خانووەکەیانی بۆ دابین دەکرد وەکو یەك مووچەی رێزلێنانیان لێ بڕیون.. پێشنیار دەکەم لە جیاتی هەموو رێزلێنان و لێساندنەوەو بێ رێز کردنێك، بە دەم هاواری کرێچی و خەڵکی هەژارەوە بڕۆن کە هەر دوێنێ و پێرێ مانشێتێکی رۆژنامەی کوردستان راپۆرت کارەساتێکی ئاشکرا کرد.."هاوولاّتییەك لەبەر نەبوونی پارەی کرێی خانوو خۆی دەکوژێت".. چ کارەساتێك لەوە گەورەتر کە لە ولاّتێکی ئاوس بە دۆلاردا کوڕێکی دەزگیراندار لە بەر گرانی کرێخانوو ملی خۆی بە پەتەوە بکات و قەنارەیەکیش لە هەناوی دەزگیرانەکەیدا هەڵبخات هەتا چیدی بیر لە مانگی هەنگوین نەکاتەوە..!؟؟